# کەرکووک غەمێکی مەزن!

جەعفەری لە دوالێدوانیدا لەناو خاکی کوردستانەوە دەربارەی ئاساییکردنەوەی شاری کەرکووک و دواکەوتنی جێبەجێکردنی ماددەی 58ی یاسای کاتیی عێراق کە هەتا ئێستا لێرە و لەوێ تەنها وێردی سەرزووبانە، ئەو گرفتی پاشخستنەی بۆ ناو خودی پارێزگا گەڕاندەوە کە لای ئێمەی کورد وایە کورد لەوێدا باڵادەستن. ئەوە لە کاتێکدا کە جەعفەری لەو ماوەیەی کارکردنیدا وەک سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە، چەند ڕووقاییمییەکی دژ بە دۆزی کورد و بارودۆخی کەرکووک و لیستی هاوپەیمانی و وەزیرە کوردەکان پێشان دا و هەر لەبەر ئەو هۆیانەش لە کاتی ئێستادا، لەناو خەڵکی کورددا ئەو پیاوە وەک نەیارێکی گەلی کورد و دەمارگرژیی نەتەوەیی تەماشا دەکرێ.

دەبووایە لایەنی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و ئەندامانی ناو ئەنجوومەنی پارێزگا لە کەرکووک و تەواوی بەرپرسانی تر لەناو شاری کەرکووک بە تایبەتی، گورج بەو ڕاستیانەدا بچنەوە و تەواوی هەڵە و کەموکورییەکان بۆ ڕای گشتی دەستنیشان بکەن و هەر بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکی کارا پێک بهێنن بۆ بەدواداچوونی گوتەکانی جەعفەری کە لەناو خاکی کوردستانەوە ئاراستەی لایەنە پەیوەندارەکانی کرد.

گومان لەوەدا نییە کە هاتنی جەعفەری لەو کاتەدا مەبەستی سیاسیی خۆی، واتە دووبارە دامەزراندنەوەی حکومەتی لەمەڕ سیاسەتەکانی خۆی لە پشتەوە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسیارییەتییەکی گرنگی خستە ئەستۆی ناو پارێزگای کەرکووک بە گشتی و کوردەکان بە تایبەتی. لەوێدا سیاسەتەکانی جەعفەری لای خەڵکی کورد ئاشکران و نابێ باوەڕ بەوە بهێنرێ کە جەعفەری لەو مەسەلەیەدا بێتاوانە، چونکە ئەو لە زۆر حاڵەتی تردا ڕەوتی سیاسیی خۆی بەرانبەر بە دۆزی کورد پێشان داوە، بەڵام خۆ دەبێ ئەو هێژایانەی لەناو ئەنجوومەن و پارێزگای کەرکووکدا لەکاردان بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک، ئەوە بکەنە چەکێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هەڵوێستێکی تر کە لە ڕۆژانی داهاتوودا دژیان دەوەستێت و تەگەرە دەخاتە پێش کارەکانیان.

لە لایەکی ترەوە، ئەگەر بێت و لەلایەن لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەوە نموونەی جاری پێشوو درێژە بەو هاوپەیمانێتییە بدرێ و جەعفەری لە لایەن لیستی کوردیشەوە دووبارە بۆ سەرۆکوەزیرانی چوار ساڵی داهاتوو پاڵپشتیی لێ بکرێ، ئەوا جارێکی تر کورد تووشی دارمانی سیاسی دەبێت و ئەوە دەهێنێتەوە پێش چاو کە سیاسەتمەدارانی کورد وانە لە هەڵەکانی پێشوو وەرناگرن. دەبێ بە ڕاشکاوانە ددان بەوەدا بنرێ کە جەعفەری و سیاسەتەکەی لەناو زۆربەی خەڵکی کورددا مایەی قبووڵ نین و ئەمەش لەو ماوەیەدا لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکاندا زۆر بە ڕوونی باسی لێوە کراوە و، هەروەک لە چاوپێکەوتنەکانیشدا لەگەڵ خەڵک کە لەسەر شەقامەکان ئەنجام دەدرێن بە تەواوی پشتڕاست کراوەتەوە.

ئەمڕۆ کەرکووک بووە بە غەمێکی گەورە لەناو خەڵکی کورددا، لێرەو لەوێ لە ڕاگەیاندنەکاندا یاری بە پیرۆزیی کەرکووک دەکرێ، بەڵێنی بێ بناغە بە کوردەکانی وێندەرێ دەدرێ، زیاد لە پێویست باس لە ماددەی 58ی یاسای کاتیی عێراق دەکرێ بەبێ هیچ هەنگاوێکی بەرچاو و بە کورتی مەسەلەی کەرکووک بووە بە گرێغەمێکی ئێجگار گەورە لە ڕەوشی سیاسیی ئەمڕۆی کورددا.

سەبارەت بە مەسەلەی کەرکووک، دەبێ هەموو کوردێک بەرپرسیارییەتیی تەواو بگرێتە ئەستۆ بۆ گووشارهێنان بۆ سەر دەستەڵات بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ڕەوشەی ئەمڕۆ ئەو شارەی تێکەوتووە و دانیشتوانەکەی پێوە دەناڵێنن. گومانی تێدا نییە کە لەلایەن داگیرکارانی کوردستان و هەموو ئەو مرۆڤانەی کە بە جۆرێک بەشدارییان لە پرۆسەی داگیرکاری و سەپاندنی کولتووری درێژخایەنی شەڕدا کردووە لەسەر هەر بستەخاکێکی نیشتیمانی کوردستان، هەمیشە بیری جووداخوازی و شەڕانگێزی بەسەر خەباتگێڕاندا سەپاوە و پێویستە لای خەڵکانی ڕۆشنبیر و خاوەن خەباتەوە ئەوە بە پێچەوانەوە بێت و بە کردار بۆ خەڵکی بسەلمێنن.
مرۆڤی کورد بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، دەبێ لە کاتی دانووساندن و سەودایی لەگەڵ نەیارانیدا، هەردەم ئەوەی لەپێش چاو بێت کە ئەو بریتییە لە مرۆڤێکی کورد و کوردیش هەمیشە لای داگیرکارانی جێگەی تێڕامان و خستنە ناو چاڵی خیانەتکارییەوە بووە.
لەو مێژووە دوورودرێژەی کە کۆمەڵگەی کوردیی پێدا تێپەڕیوە، زۆر بە سانایی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە سەدەوە بۆ سەدەیەکی تر و تا ئێستا هەر بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کورددا کراوە. ئەو سەرهەڵدان و تێکۆشانانەی کە خەڵکی کورد لەژێر هەر سەرکردایەتییەکدا ئەنجامیان دابێ، کۆتاییەکەی بەو شێوەیە هاتووە کە هەموو کوردێک گوناهبارە. بەشێک لە سەرهەڵدانەکان بە زەبری ئاگر و ئاسن لە لایەن داگیرکارە زۆردارەکانەوە لەنێوبراون و، بەشێکیان لەژێر کاریگەریی هیوای دانوسان و ڕێگای چەند و چۆنی گفتوگۆوە لە سەرکردایەتییەوە بێهێز کراون. بۆیە لە سەردەمی ئێستادا، هەلومەرجێک هاتۆتە پێشەوە کە ئیتر کورد نابێ لەو کاتە هەستیارانەدا چیی تر ڕێگە بدات وازی بە چارەنووسی بکرێت.

2006.01.13